# خوای گەورە سەیری کەسێک ناکات کە جلەکەی بەهۆی فیزەوە (خۆبەگەورەزانینەوە) شۆڕ کردۆتەوە بۆ خوار قولە پێکانی

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە سەیری کەسێک ناکات کە جلەکەی بەهۆی فیزەوە (خۆبەگەورەزانینەوە) شۆڕ کردۆتەوە بۆ خوار قولە پێکانی»
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوە سەبارەت بە شۆڕکردنەوەی جل وپۆشاك بۆ خوار قولە پێكان بەشێوەیەكی گشتی و بەتایبەت زیاتر نەهی لێكراوە ئەگەر بۆ لەخۆبایی وخۆبەگەورەزانین بێت، وهەركەسێك وا بكات ئەوا شایستەی هەڕەشەی توندە بەوەی خوای گەورە بە ڕەحمەتەوە سەیری ناكات لە ڕۆژی قیامەتدا.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee